Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-,
MAAHANMUUTTO- JA
KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# گوێگرتنی منداڵێک کە بەبێ سەرپەرشت هاتووە و مافی پاراستنی لە یەکێتی ئەورووپا وەرگرتووە، لە فەرمانگەی کۆچدا

تۆ بانگهێشکراویت بۆ گوێگرتنی فەرمانگەی کۆچ. ئەم ڕێنماییە باسی مافەکانت و ئەرکەکانت دەکات لە گوێگرتنەکەدا. پێکەوە لەگەڵ نوێنەرەکەتدا بیخوێننەوە. ئەگەر شتێک بە ناڕوونی مایەوە، بۆ زانیاریی زیاتر پرسیار لە نوێنەرەکەت بکە یان لە دەسپێکی گوێگرتنەکەدا پرسیار لە کارمەندەکەی فەرمانگەی کۆچ بکە.

## مەبەست لە گوێگرتنەکە چیە؟

- تۆ داوای پەنابەریت کردووە لە فینلەندا. لە گوێگرتنەکەدا ئەو شتانە ڕوون دەکەینەوە کە کاریگەرییان بۆ سەر ئەوە هەیە کە، ئایا داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ دەکرێت یان ناکرێت. لە گوێگرتنەکەدا بنەماکانی مافی پەنابەری ڕوون ناکرێتەوە.
- ئەگەر پێشتر پاراستنی نێودەوڵەتیت لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەورووپا وەرگرتبێت، دەتوانرێت واز لە داواکەت بهێنرێت و لێکۆڵینەوی لێ نەکرێت. لەم حاڵەتەدا لە گوێگرتنەکەدا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە لەبەر چی دەبێت سەرەڕای ئەوەش لە فینلەندا لێکۆڵینەوە لە داواکەت بکرێت یان دەبێت لەبەر هۆی تاکەکەسیی مرۆیی یان بەهۆی بوونە قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا پێ بدرێت.
- ئەگەر دەتەوێت لەسەر بنەمایەکی تر داوای مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە) بکەیت، دەبێت بۆ ئەو مەبەستە داوایەکی جیاواز پێشکەش بکەیت کە پارەی ڕسوماتی دەدرێت. ئەو جۆرە بنەمایە بۆ نموونە دەکرێت پەیوەندیی خێزانی بێت.

## مافەکانی تۆ لە گوێگرتنەکەدا چین؟

- نوێنەرەکەت لەگەڵت دێت بۆ گوێگرتنەکە.
- مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەرێک لەگەڵ خۆتدا بهێنیت بۆ گوێگرتنەکە.
- ئەگەر پێویست بکات نوێنەرەکەت مشووری ئەوە دەخوات کەپارێزەرێکت بۆ بگرێت بۆ گوێگرتنەکە. ئەگەر پارێزەر نەهێنیت بۆ گوێگرتنەکە، دەتوانین گوێگرتنەکە بەبێ پارێزەریش ئەنجام بدەین.

- له گوێگرتنەکەدا وەرگێری زارەکی هەیە بۆ یارمەتیدان. ئەو هەموو ئەو شتانەی کە لە گوێگرتنەکەدا دەوترێن بێلایەنانە وەریدەگێرێت. وەرگێر یان لەو شوێنەدا ئامادە دەبێت یانیش دەتوانێت بە تەلەفۆن یان بە پەیوەندیی ڤیدیۆیی وەرگێران بکات.
- کارمەندی چاوپێکەوتنکار و وەرگێر و نوێنەر ئەرکی بەنهێنی پاراستنیان لە ئەستۆدایە، واتە ئەوان ناتوانن هیچ شتێک لەو قسە و باسانەی کە لە گوێگرتنەکەدا گوێبیستی دەبن بۆ هیچ کەسێکی دەرەکی باس بکەن. هەروەها ئەو بەڵگەنامانەش کە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە بە نهێنی دەپارێزرێن. دەتوانین ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکەیت لە ئەندامانی خێزانەکەت بە نهێنی بگرین، ئەگەر ئاشکراکردنیان ببێتە مایەی مەترسی یان زیان بۆ خۆت یان بۆ کەسە نزیکەکانت. دەتوانیت لەم گوێگرتنەدا ڕاوبۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە باس بکەیت.
- فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت بەدوای سەرپەرشتی ڕاستەقینەت بگەڕێت واتە هەوڵی دۆزینەوەی بدات. مەبەست لە سەرپەرشتی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە وڵاتی خۆتدا تۆی بەخێو کردووە. بۆ دۆزینەوە تەنها ئەو زانیاریانە بەکاردەهێنرێن کە بۆ مەبەستی دۆزینەوەکە زۆر پێویستن. فەرمانگەی کۆچ کاری دۆزینەوە بەشێوەیەک ئەنجام دەدات کە نەبێتە مایەی زیان یان شتێکی نەخوازراو بۆ تۆ یان بۆ کەسە نزیکەکانت.

## ئەرکەکانت چین لە گوێگرتنەکەدا؟

- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە هەموو ئەو شتانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر داواکەت هەیە لە گوێگرتنەکەدا بە ڕاستی باس بکەیت.
- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە باسی شتە زەحمەتەکانیش بکەیت.
- ڕاستییەکان بڵێ. ئەگەر شتێکت لەبیر نەماوە یان نایزانیت، هەوڵ مەدە لە خۆتەوە وەڵام بدۆزیتەوە. بڵێ نازانم یان لەبیرم نیە. ئەگەر قسەی ڕاست نەکەیت، بۆی هەیە باوەڕکردن بەو شتانەی کە باسیان دەکەیت لاواز بکات.
- لە گوێگرتنەکەدا ناو و کاتی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی خۆت بڵێ. ئەگەر هیچ بەڵگەنامەیەکت نیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی کەسێتیی خۆت، پێویستە هەموو هەوڵێک بدەیت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکان و بیانگەیەنیتە فەرمانگەی کۆچ. ئەو جۆرە بەڵگەنامانە دەکرێت بۆ نموونە بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتی بن یان بەڵگەنامەی گەشتکردن بێت. بەهەر حاڵ فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت بەشێوەیەک پابەندت بکات بۆ پەیداکردنی ڕوونکردنەوە کە سەلامەتیی خۆت یان کەسە نزیکەکانت بخاتە مەترسیەوە. ئەگەر لە داهاتوودا بتەوێ زانیارییە کەسییەکانی خۆت بگۆڕیت، پێویستیت بە پاسەپۆرت یان هەر بەڵگەنامەیەکی تری فەرمیی ناسنامەی کەسێتیی دەبێت.
- فەرمانگەی کۆچ زانیارییە کەسییەکان و بنەماکانی داواکەت لە سیستەمی تاوتوێکردنی کەیسەکانی کاروباری بیانیەکاندا تۆمار دەکات، کە تۆمارێکی فەرمیە. پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە بۆ تۆماری فەرمی تاوانێکە کە سزای بەدواوەیە. لە فینلەندا بەرپرسیارێتی تاوان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان بووەتە ١٥ ساڵان.
- پێشکەشکردنی زانیاریی ناسنامەی کەسێتیی هەڵە بۆ لایەنە فەرمیەکان بە پێی یاسا تاوانێکە کە سزای بەدواوەیە. لە فینلەندا بەرپرسیارێتی تاوان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان بووەتە ١٥ ساڵان.
- ئاگاداربە، پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە یان شاردنەوەی زانیارییە ڕاستەکان بۆی هەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کشاندنەوەی ئەو مۆڵەتەی کە پێشتر پێت دراوە و تاوتوێکردنی بابەتەکانی دیکەش قورس بکات.

## چۆن باشە خۆت بۆ گوێگرتنەکە ئامادە بکەیت؟

- پێش گوێگرتنەکە لە گەڵ نوێنەرەکەت خۆت بە هەموو ئەو ڕێنمایی و بڵاوکراوانە ئاشنا بکە کە لە لایەن کاربەدەستانەوە پێت دراون.
- ئەگەر هۆیەکی پاساودراوت هەیە بۆ ئەوەی بتەوێت وەرگێرەکە یان چاوپێکەوتنکارەکە ژن بێت یان پیاو بێت، لەو بارەیەوە لە کاتێکی زوودا پێش گوێگرتنەکە لەگەڵ نوێنەرەکەت قسە بکە. ئەو خواستەکەت دەگەیەنێتە فەرمانگەی کۆچ. فەرمانگەی کۆچ هەڵیدەسەنگێنێت کە ئایا هۆیەکە پاساوی هەیە یان نا.
- ئەگەر باری تەندروستیت بەجۆرێکە کە کاریگەریی لەسەر بەڕێوەچوونی گوێگرتنەکە دەبێت، پێشوەختە باسی ئەوە لەگەڵ نوێنەرەکەت یان کارمەندی ناوەندی پێشوازی بکە.

- ناوەندی پێشوازی مشووری ئەوە دەخوات کە بگەیتە شوێنەکە بۆ گوێگرتنەکە. لە کاتێکی زوودا لەگەڵ کارمەندانی ڕێنماییدەر پلانی ڕێکخستنی گەشتەکە دابنێن.
- داوای خواردنی گەشت یان پارەی نانخواردن لە ناوەندی پێشوازی بکە.
- ئەو حەب و دەرمانانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە کە لەو ڕۆژەدا پێویستت دەبن.
- هەموو ئەو بەڵگەنامە و ڕوونکردنەوانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە کە پەیوەندییان بە داواکەتەوە هەیە.
- زوو لە شوێنەکەدا ئامادە بە.

## لە ڕۆژی گوێگرتنەکەدا بەم شێوەیە لە فەرمانگەی کۆچدا مامەڵە بکە

- ناتوانێت بەبێ هۆیەکی باش گوێگرتنەکە بۆ کاتێکی تر دوا بخەیت. ئەگەر لە ڕۆژی گوێگرتنەکەدا نەخۆش کەوتیت، دەسبەجێ کارمەندی ناوەندی پێشوازییەکەت ئاگاداربکەرەوە. پێویستە لەسەر نوێنەرەکەت ئەوپەڕی ١ هەفتە لە دوای ڕۆژی گوێگرتنەکە ڕاپۆرتی پەرستاری نەخۆشی یان دکتۆری ناوەندی پێشوازی سەبارەت بە نەخۆشکەوتنەکەت بگەیەنێتە فەرمانگەی کۆچ. ئەگەر بەبێ هۆیەکی پاساودراو نەهاتیت بۆ گوێگرتنەکە، دەتوانرێت بڕیار لەسەر داواکە بدرێت بەبێ گوێگرتن.
- نوێنەرەکەت و پارێزەرەکەت لەگەڵ خۆتدا بەشداریی گوێگرتنەکە دەکەن.
- کاتێک کە دەگەیتە ناو فەرمانگەی کۆچ، بۆی هەیە پشکنینی ئەمنیت بۆ بکرێت.
- کارتی نەفەری ناوەندی پێشوازییەکەت پێشانی پاسەوانی فەرمانگەی کۆچ بدە.
- تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بێن بۆ شوێنی چاوەڕوانکردنەکە کە بانگهێژی گوێگرتنەکە کراون لەگەڵ ئەوانەی کە پێشوەخت لەگەڵ فەرمانگەی کۆچدا ڕێککەوتوون.
- ئەگەر دەتەوێت کەسی یارمەتیدەر لەگەڵتدا بێت، پێویستە لەسەر نوێنەرەکەت یان کەسە یارمەتیدەرەکەت پێشوەختە بە نووسراو لەو بارەیەوە پرسیار لە فەرمانگەی کۆچ بکەن. لە حاڵەتەکانی دیکەدا چاوپێکەوتنکار لە سەرەتای گوێگرتنەکەدا بڕیار دەدات کە ئایا ڕێگە دەدرێت کەسە یارمەتیدەرەکە لەگەڵت بێت یان نا. کەسی یارمەتیدەر پارێزەر نیە و لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا بەشداری ناکات.
- چاوپێکەوتنکار کارمەندی فەرمانگەی کۆچە. ئەو یان لە شوێنەکەدا ئامادەیە یانیش لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە بەشداری دەکات.
- دەنگەکانی گوێگرتنەکە تۆمار دەکرێن. هەروەها لە ژوورەکەدا کامێرای چاودێریش هەیە کە وێنەکان تۆمار دەکات.
- هەر کاتێک پێویست بکات لە کاتی گوێگرتنەکەدا دەتوانین پشوو وەربگرین. تۆش هەموو کاتێک دەتوانیت داوای پشوو بکەیت.

## لە گوێگرتنەکەدا چی ڕوودەدات؟

- لە دەسپێکدا چاوپێکەوتنکار باسی ئەوە دەکات کە لە گوێگرتنەکەدا چی دەکرێت و لەوە دڵنیا دەبێتەوە کە تۆ لە مافەکان و بەرپرسیاریەکانت تێگەیشتووی. ئەگەر شتێک تێنەگەیشتیت پرسیار بکە. ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێنەگەیشتیت قسە بکە.
- چاوپێکەوتنکارەکە ئەم پرسیارانەی لای خوارەوت لێ دەکات:
  - زانیاریەکانی ناسنامەی کەسێتیت
  - زانیاری لەبارەی خێزانەکەت و خزم و کەسەکانتەوە
  - زانیاری لەبارەی مۆڵەتەکانی مانەوە (ئیقامە) و ڤیزا هەروەها داواکانی پەنابەری لە وڵاتانی دیکەدا
  - ڕێگەی گەشتەکەت بۆ فینلەندا
  - ئەو هۆیانەی کە لەبەر ئەوانە نابێت تۆ بگەڕێندرێیتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە

- ئەگەر لە وڵاتیکی دیکەدا پاراستنی نێودەوڵەتیت وەرگرتووە ئەو هۆیانە چین کە لەبەر ئەوانە دەبێت داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ بکرێت
- هەڵوێستت چی دەبێت بەرامبەر بڕیاری لە وڵات دەرکردن و قەدەغەکردنی هاتنەوت بۆ وڵاتەکە.

- نوێنەر یان پارێزەر بۆیان نیە لەجیاتی تۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەوان دەتوانن لە کاتی گوێگرتنەکەدا ئامۆژگاریت بکەن و ئەو شتە گرینگانەت بیر بخەنەوە کە پێشتر باست کردووە.
- ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە. لە خۆتەوە وەڵام مەدۆزەوە. ئەگەر شتیک نازانیت یان لەبیرت نیە، قسە بکە.
- فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە گوێگرتنەکەدا پرسیاری ئەو ڕوونکردنەوانەت لێ بکات کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر چارەسەرکردنی کەیسەکەت. بۆ نموونە، ئەگەر لە فینلەندا گومانی تاوانکاریت لەسەر هەبێت یان لە فینلەندا بەهۆی تاوانەوە حوکم درابیت، بۆی هەیە کاریگەریی هەبێت بۆ سەر تاوتوێکردنی کەیسەکەت لە فەرمانگەی کۆچدا. ئەگەر پێویست بکات فەرمانگەی کۆچ لە کاتی گوێگرتنەکەدا دەرفەتی ئەوەت دەداتێ کە ڕاو بۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە بڵێیت.
- چاوپێکەوتنکار ئەو شتانەی کە لە گوێگرتنەکەدا دەوترێن لە کۆمپیوتەرەکەدا دەینووسێت. ئەو یاداشتانەی کە دەنووسرێنەوە پێی دەوترێت کۆنووس. لە کۆتایی گوێگرتنەکەدا وەرگێر کۆنووسەکەت بۆ دەخوێنێتەوە. ئەگەر تێبینیت کرد لە کۆنووسەکەدا هەڵە هەیە، قسە بکە. دەتوانیت شتی تریش لە کۆنووسەکدا زیاد بکەیت. دوای ئەوە کۆنووسەکە واژۆ دەکرێت و کۆپییەکی دەدرێت بە نوێنەرەکەت.

## فەرمانگەی کۆچ چۆن بڕیار دەردەکات؟

- ئەگەر دواتر ویستت ڕووکردنەوەی زیاتر بدەیت، بیاندە بە نوێنەرەکەت یان پارێزەرەکەت، ئەوان دەینێرن بۆ فەرمانگەی کۆچ. لە تەلەفۆندا قسە لەسەر بابەتەکە ناکەین، چونکە ناتوانین لە ناسنامەی ئەو کەسەی تەلەفۆنەکەی کردووە دڵنیابین.
- فەرمانگەی کۆچ لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە لە گوێگرتنەکەدا داوتە لەگەڵ ئەو مادانەی دیکە کە خراونەتە ڕوو بڕیار لە بابەتەکەت دەدات. هەروەها فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە سەرچاوە گشتیەکانەوە بەدوای ئەو زانیاریانە بگەڕێت کە بۆ بڕیارەکە گرینگن.
- ئەگەر بڕیاری گەڕاندنەوەت بدرێت بۆ وڵاتیکی دیکە، بۆت هەیە لە دادگادا تانە لە بڕیارەکە بدەیت. هەروەها دەتوانیت داوا لە دادگا بکەیت کە ڕێگەت پێ بدرێت هەتا ئەو کاتەی کە دادگا تانەکەت تاوتوێ دەکات لە فینلەندا بمێنیتەوە.
- ئەگەر لە فینلەندا لێکۆڵینەوە لە داواکەت نەکرێت، دەتوانرێت بگەڕێندرێیتەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنەوەت بۆ وڵات بدرێت کە فینلەندا دەگرێتەوە.